گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی میرانی سامانی و غەزنەوی لە گرینکی دانیان بەزانایان

# (261-582ک)( 874-1186ز)

**مظفر اسماعيل علي**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
muzafareesmahil@gmail.com

**پ. ی .د . اومید ابراهیم**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Dr.umaid@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٧
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Scientists, Samanids, Ghaznawid, Princes, sultan

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.13

## پوختە

گرینگی دان بەزانایان لە هەردووميرنشينی سامانی و غەزنەوی بەڕوونی بەديارکەوت ،بەتايبەتی دوای ئەوەی توانيان دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنن ئاشتی و ئارامی لەناو خۆی ووڵات بەرقەرار بکەن . يارمەتی دانی زانايان لەلايەن ميرانی سامانی و سوڵتانەکانی غەزنەوی هۆکارێکی گرينگ بوو بۆ ئەوەی چەندين زاناو ئەديب و شاعيرو نوسەر بەديار بکەون ،لەوانە بەيرونيی و خوارزمی و چەندانی تر کە توانيان شوێنەواری زۆر لەسەر شانۆی مێژوو بەجێبهێڵن ببنە هۆکارێك بۆ دەيان لێکۆڵينەوەی زانستی و مێژوويی لەدوای خۆيان بەسەدان ساڵ.

## پێشەکی:

هەردوو میرنشینی سامانی و غەنەویی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دامەزران لەژێر دەسەڵاتی عەباســیەکان توانیان حوکمڕانی ناوچەکانی بلادماوراءنهرو هیند و خورەســان بکەن. لەســەردەمی ئەواندا گرینگیەکی تەواو درا بەلایەنی زانســتی بەتایبەت زانســتەکانی قورئان و فەرمودە و فەلەك و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پزیشـکی، وەکاربەدەسـتانی وولآت هەڵدەسـتان بە دروسـتکردنی قوتابخانەو مزگەوت ، وەیارمەتی دانی زانایان و قوتابیان بەپارەو خۆراك بۆ ئەوەی پێویسـتیان بەکەسـانی تر نەبێ، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی خەڵکان لە ناوچەکانی تربێن بۆ ناوسـنورەکەیانوبمێنەوە وەفێری زانسـت و زانیاری ببن . هەروەها بوونە ناوەندێك بۆ دروسـتکردنی کەش و هەوایەکی زانسـتی و کۆکردنەوەی زانایان لەناو هەرێمەکەیان و بایەخدانیان بەلایەنی دادوەری بەشـێکی تربوو لەسـیمای ئەو دەوڵەتەمەزنە ،جگەلەوەش کاری گەریەکی ڕاستەخۆیان هەبووە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆنمونە هەرناوچەیەکان فەتحبکردابا ڕاستەوخۆ مزگەوت و قوتابخانەیان لێ دروسـت دەکرد، ئەمەش بەڕوونی بەدیارکەوت کاتێك توانیان ناوچەکانی باکووری هیند ئازادبکەن.هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ بەدیار خسـتنی پێگەی زانایان لە هەردوو میرنشـینی سامانی و غەزنەوی وە هەروەها خۆشەویستی و حەزی توێژەر بۆ بابەتەکە. گرینگیەکەشی لەوەدایە کەوا ڕەهەندێکی مێژویی هەیە سەبارەت بە گرینگی دانیان بە زانایان لە هەردوومیرنشینی سامانی و غەزنەوی دا کە بوونە هۆکارێك بۆ بەدیارکەوتنی شـارسـتانی ئیسـلامی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عەباسـی .ڕێبازی توێژینەوەکە، توێژەر لە ئامادەکردنی بابەتەکەدا شـێوازی خسـتنە ڕوو بەراوردکاری بەکار هێناوە لە نێوان هەردوو میرنشـینی سـامانی و غەزنەوی لە چۆنیەتی گرینگی دانیان بە زانایان.پلانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەو دوو تەوەرە پێك هاتوە تەوەرەی یەکەم بریتیە لە شـوێنی جغرافیای میرنشـینی سـامانی و ڕۆڵی میرانی سـامانی لە گرینگی دانیان بە زانایان، تەوەرەی دووەمیش شـوێنی جغرافیای میرنشـینی غەزنەوی و ڕۆڵی سـوڵتانەکانی غەزنەوی لە گرینگی دانیان بە زانایان. سـەبارەت بە کێشـەو گرفتەکان ،کێشـەو گرفتێکی وا نەبوو کە شـایەنی باس کردن بێت مەگەر تەنها پابەند بوونمان بە ڕێژەی دیاری کراوی وشـەکان نەبێت، لەبەر ئەوە بابەتەکە زیاتر هەڵدەگرێ.گرینگترین سـەرچاوەکانیش(یاقوت الحموي، معجم الادباء– الذهبي، سـير اعلام النبلاء) ژێدەرەکان (احسـان ذنون الثامري،الحياة العلمية زمن السامانيين – محمد سعيد، الحركة العلمية في عصر الدولة الغزنوي).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی یەکەم / شـوێنی جغرافیای میرنشـینی سـامانی و ڕۆڵی میرانی سـامانی لە گرینگی دانیان بە زانایان.

### 1- باسی یەکەم/شوێنی جغرافیای میرنشینی سامانی:

سـەبارەت بەشـوێنی جغرافیای میرنشـینی سـامانی مەقدیسـی بەم شـێوەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە دەڵێت ( کاتێك دەڵێین ڕۆژهەڵات مەبەسـتمان میرنشـینی سـامانی، فارس ، کرمان ، سـند)ه، (1991،ص7) ، میرانی سامانی سنوری دەسەڵاتەکەیان فراوان کرد بۆ ناوچەکانی (خراسان ، ماوەراء النهر) وە بەشـێکی زۆریش لە هەرێمەکانی (جرجان ، طبرسـتان ، ري، قزوين ، کرمان ، فارس ، قوهسـتان) (المتيني،1258، ص 333 ؛ الكاتب ،2014،ص 79-90). هەروەها مەقدیسـی ئاماژە بەوەدەکات میرانی سـامانی گرینگیەکی زۆریان بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات داوە لە هەموو بوارەکان، ئەمەش هۆکار بووە بۆ دروست بونی شارستانی ئیسلامی ، ئەویش خۆی لەگریگی دانیان دەبینیەوە لەخزمەتکردنی زاناو ئەدیبان (1991 ،ص260). میر (اسـماعيل بن احمد السـاماني) (279-295ك/892-907ز) بەدامەزرێنەری ڕاسـتەقینەی میرنشـینەکە دادەنرێ کە دوای مردنی براکەی بەناوی میر (نصـر بن احمد السـاماني)(251-279ك/865-892ز) دەسـەڵات دەگرێتە دەسـت . (الماتريدي، 2005، 39/1 ؛ النرشخي، د.ت، ص122).

### 2- باسی دووەم/ڕۆڵی میرانی سامانی لە گرینگی دانیان بە زانایان:

لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سنوری دەسەڵاتی سامانیەکاندا زانایان ڕێزێکی زۆریان لێ گیراوە بەشێوەیەك بوو کە گەیشتبونە پلەی پاشایان هەر بۆیە (المقديسى) دەڵێت ( يبلغ الفقهاء درجات الملوك ) (1991، ص260)، لەلایەکی تر میرانی سامانی خۆشیان زانابووینە بۆیە (النرشخي) لەکتێبی (تاريخ البخارى) دەڵێت میر (احمد بن اسد الساماني)(م:250ك/864ز) کەسێکی زاناو لەخواترس بوو) (د.ت، ص112).

### أ-کۆبونەوەی میرانی سامانی لەگەڵ زانایان:

میرانی سامانی ڕێزیان لە زانایانی وڵاتەکەیان گرتوە پێشوازیان لێکردوون و لەگەڵیان کۆبونەتەوە ئەوەتا میر (اسماعيل بن احمد)(279-295/892-907ز) کەسێکی زاناو داد پەروەر بوە بەشێوەیەکی باش چاودێری خەڵکەکەی کردوە (ابن الاثير،2002، 213/6 ؛ الذهبى، د.ت، 429/1)، زۆر ڕێزی

لەزانایان گرتوە لەدانیشتنەکانی خۆی بەژداری پێکردوون(ابن کثیر، 1988، 117/11 ؛ الذهبی، 1993، 109/22). میر (احمد بن اسماعیل)(295-301ك/907-913ز) کاتێك دەسەڵاتی ناوچەکانی خورەسانی پێدرا بەرێزەوە هەڵسوکەوتی لەکەڵ کردون زۆربەی کات لەگەڵیان کۆدەبۆوە ،یارمەتی داون لەکاتی گەڕانیان بۆ ناوچەکان و وە لە دانانی کتێبەکانیان، جگە لەوەش لەسەردەمی ئەو بوو کتێب و بڵاوکراوەکان وەرگێڕدران بۆسەر زمانی عەرەبی(النرشخی، د.ت، ص147)، بەڕای ئێمە ئەوە دەگەیەنێ سامانیەکان بایەخیان بە زمان و کلتوری عەرەبی داوە لەبەر ئەوەی زمانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو ، لەلایەکی تریش دان نان و ڕێزگرتن بووە بۆ خیلافەتی عەباسی.

میرانی سامانی لەمانگی ڕەمەزاندا لە ڕۆژانی هەینی هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی زانایان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی زانستی، ناو نیشانی بابەتەکەش میر هەڵی دەبژارد ، دواتر پرسیاری لەسەر دەکراو خودی میریش بەژداری دەکرد لەو گفتوگۆیە (المقديسي، 1991، ص339) ئەوە بەدیار دەخات میرانی سامانی شارەزایەکی باشیان هەبووە لەبوارە جیاجیاکانی زانستدا ، وە توانیویانە لەم سۆنگەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ زانایان دابکەن. جگە لەوەش کۆمەڵێك گفتوگۆی وێژەیش کراوە کەتێیدا پیاوانی دەوڵەت هەر لە وەزیرەکان و داد وەرانیش بەژداریان تێدا کردوە ، لەوێوە نمونەیەکی جوانی وێژە خراوەتە ڕوو (احمد، 2015، ص318). لەدەرەوەی ئەم گفتوگۆ زانستیانەش پرسیاریان لەزانایان کردوە لەبابەتە جۆر بەجۆرەکانی زانستدا ، لەوانە میر (نصر بن نوح)(331-343ك/942-954ز) کەشارەزایەکی باشی هەبووە لەبوارەکانی وێژە (ألادب)دا لەساڵی (340ك/ 951ز) نامەی ناردووە بۆ (ابی سعید علی بن المستنیر) (290-368ك/902-978ز) کەخاوەنی کتێبی (دیوان والکفایة)یە وە شارەزایەکی زۆری هەبووە لە زانستەکانی (الفقه، الحديث)، لەنامەکەدا بە پێشەوا (امام) ناوی هێناوە وەنزیکەی چوارسەت پرسیاری لێکردوە کە زۆر بەیان دەربارەی ووشەو ووشە سازی بووە (یاقوت الحموي، 1993، 888/2). سامانیەکان بەچاوی ڕێزەوە سەیری زاناو ئەدیبانیان کردوە ، یەکێك لەو زانایانە (ابو احمد بکر بن محمد بن حمدان السریفي) (م:345ك/ 956ز) خەڵکی (مرو) و زانایەکی گەورەی ناوچەکەبووە ، بەهۆی ڕەوشت و ڕەوانبێژیەکەی بەژداریان پێکردوە لەدانیشتنەکانیان (السمعاني، د.ت، 463/2-464)، لەنێو بنەماڵەی سامانیەکانیشدا کەسانی شارەزا هەبوون لە بوارەکانی زانست و وێژەدا لەگرینگترینیان (اسحاق بن احمد) بوو کە زۆربەی کاتەکانی لەکۆڕە زانستیەکان لەگەڵ

زانایان بەسەر بردووە، لەشاری (بخاری) کۆچی دوایی کردوە (الذهبي،1993، 58/23 ؛ الثامري، 2001، ص37).

سامانیەکان لەسەر مەزهەبی (ابی حنیفة) بووینە بەڵام ڕێزیان لەزانایانی مەزهەبەکانی تریش گرتووە، بەشێوەیەکی گشی ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە زانایان زەوی بەردەمیان ماچ بکەن، لەبەرئەوە ماچ کردنی زەوی لەبەردەم میرانی سامانی دابوو نەریتی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوو ، بەڵکو لە بەڕێوەبردنی وولآتدا پرس و ڕایان پێکردوون ، لەوەش زیاتر کاروباری وولآتشیان خستبوە ژێر دەسەڵاتیان (المقدسي،1991، ص339). لە ڕووی شارستانیەوە (بخاری)یان کردبوە شوێنی مەبەست بۆ زاناو ئەدیبان لەم بارەیەوە (الثعالبي) دەڵێت (كانت بخارى في الدولة السامانية مثابة المجد ، وكعبة الملك ، ومجمع افراد الزمان ، ومطلع نجوم ادباء الارض ، وموسم فضلاء الدهر ) (1983، 115/4)، کاتێك هەواڵی هاتنی زانایەکیان پێدەگەیشت بەدەمیەوە دەچونوو پێشوازیان لێدەکرد بۆ نمونە لەساڵی (269ك/ 882ز) فەرموودەناس (ابي الهيثم خالد بن احمد بن الذهلي) دەچێتە (سمرقند) میر (نصر بن احمد)(301-331ك/913-942ز) خودی خۆی دەچێتە پێشوازی و بەخێرهاتنی دەکات (النسفي، 1991، ص22) ئەمەش بۆ بەدیارخستنی ڕێزو پایەی زانایان بووە لەسنووری دەسەڵاتیان ، وەهانیان بدەن بۆ ئەوەی ڕوو لەناوچەکەیان بکەن .

**ب-لەڕووی دارایی:**

لەڕوی دارایشدا هاوکاری زانایانیان کردوە بۆ ئەوەی زیاتر هانبدرێن بۆ بڵاوکردنەوەی زانست ، بۆنمونە (محمد بن نصر ابو عبدالله المروزي) (202-294ك/817-906ز) لەشاری بەغدا لەدایك بووە دواتر کۆچدەکات بۆ (سمرقند) زانابووە لەبوارەکانی (فقه، حديث) میر (اسماعيل بن احمد) هەموو ساڵێك چوارهەزار درهەمی بۆ ناردووە، هەروەها کاتێك یەکێك لەشەرعزانەکان بەناوی (ابو محمد عبدالله بن محمد بن عيسى) (م: 293 ك/905ز) دەیەوێ حەجی ماڵی خودا بکات بەڵام پارەی تەواوی لەبەردەست دانەبوە ، بۆ ئەم مەبەستە میر (اسماعيل بن احمد) هاوکاری دارای کردوە (ابن الجوزي،1992، 56/13 ؛ محمود، 2019، ص243)، هەروەها (احمد بن عباس البغدادي) (م:355ك/965ز) شارەزایەکی باشی هەبووە لەخوێندنەوە جۆر بەجۆرەکانی قورئانی پیرۆز ، سەردانی هەریەکە لەشارەکانی (مرو ، بخاری ، فرغان)ەی کردوە ،میر (نوح بن نصر) لەڕووی دارایی هاوکاری کردووە (الذهبي،1997، ص175)،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەزیرەکانیش بەهەمان شێوە یارمەتی زاناو شاعیرانیان داوە ،لەوانە وەزیر (ابو الفضل البلعمي)(م:329ك/ 940ز) کەوەزیری میر(اسماعیل بن احمد) بوو زۆر هاوکاری شاعیرانی کردوە ، نزیکەی پازدەهەزار دیناری داوەتە شاعیرێك بەناوی (المطراني) (البغدادي، 1998، 2/357-358). هەرچەندە سامانیەکان سونە مەزهەب بووینە بەڵام ڕێزیان لەمەزهەبەکانی تریش گرتوە بەڵکو هەندێکجار لەڕووی دارایش یارمەتیان داون لەوانە میر(اسماعیل بن احمد) هەڵساوە بەکڕینی لادێیەك لە (بخاری) بەناوی (برکد) کەخاوەنی ڕووبەرێکی گەورە بووە شورایەکی بەرزیشی هەبووە ، بەشێکی داوە بە (العلويين) کەشیعە مەزهەب بووینە، بەشێکی تریشی بە پەیڕەو کەرانی (اهل التصوف) داوە (النرشخي، د.ت، ص 32).

### ت-بەرهەمی مێژوو نوسان بۆ میرانی سامانی:

مێژوو نوسانیش کتێبیان دەربارەی مێژووی بنەماڵەی سامانیەکان نوسیوە ، لەوانە (ابن زکریا الرازي) (250-311ك/864-923ز) یەکێك بووە لەوانەی کەوا زاناو پزیشکی سەردەمی خۆی بووە ،جگە لەوەش هەڵساوە بە دانانی کتێبێك بەناوی (المنصوري) بۆ میر(ابي صالح منصور بن نوح بن نصر) (ابن خلکان ، 1994، 5/158)، (محمد بن جعفر النرشخي) (286-348ك/899-959ز) هەڵساوە بەدانانی کتێبێك بەناوی (تاريخ البخاری) بۆ میر (الحميد ابي نوح بن نصر) (نرشخي، د.ت، ص138).

### ث-ڕۆڵی زانایان لە یەکەکانی بەڕیوەبردنی وولات:

سەبارەت بە پۆستە ئیداریەکانی وولاتیش هەوڵیان داوە کەسانی زاناو شارەزا لەم کارەدا بەژداری پێبکەن ، (النسفي) لە کتێبەکەی بەناوی (قند في ذكر علماء سمرقند) باسی هەزارو شازدە کەسایەتی کردووە یەکێك لەوانە (ابراهيم بن ناصح السمرقندي)ە کە وەزیری میر (نصر بن احمد بن اسد) بووە (1991، ص493)،هەروەها (ابو الفضل البلعمي)(م:329ك/ 940ز) کەسێکی زاناو خاوەنی چەندین کتێب بووە وەك (تلقيح البلاغه ، كتاب المقالات) جگەلەوەش شارەزایەکی زۆری هەبووە لەبواری فەرمودەناسی و نوسنین و ڕەوان بێژیدا، ناوبراو وەزیر بووە لەسەردەمی میر (اسماعیل بن احمد) (سعد الملك،1990، 215/7 ؛ ذهبي،1993، 272/24) ،یەکێکیتر (ابراهيم بن سيمجور) (م:336ك/947ز) بوو کرایتە والی لەناوچەکانی (بخاری، هراة، مرو ، نیسابور) لەچەند کاتێکی جیاوازدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

،(ابراهيم بن سيمجور)ئەديب و زاناو دادپەروەر بووە شوێن پەنجەی دیار بووە لەوناوچانەی بەڕێوەی بردوون (الحاكم النيسابوري،1427،ص183) .

لەسەردەمی میر(نصر بن احمد بن اسماعيل)یشدا ناوی وەزیرێك هاتوە بەناوی (احمد بن محمد بن نصر الجيهاني) (م: 375ك/985ز) هەڵساوە بەدانانی كتێبێك كەتەیدا باسی (شتە سەیرو سەمەرەكان، ناوچەو شارەكان ، دەریاو ڕوبارەكان ، نەتەوەو شوێنی جغرافیایان ....هتد) دەكات هەروەها خاوەنی چەندین كتێبی تر بووە لەوانە (كتاب اين ، كتاب العهود للخلفاء و الامراء ...هتد) (مسعودي، د.ت، 65/1 ؛ ياقوت الحموي،1993، 455/1) ، جگە لەوە (ابو عبدالله محمد بن احمد الجيهاني) ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵەی سامانیەكان ئەویش دوای ئەوەی (نصر بن احمد بن اسماعيل) دەبێتە میری سامانیەكان تەمەنی زۆر بچوك بوو ، هەر بۆیە هەوڵێكی زۆر هەبوە لەلایەن خزمانیەوە لە دەسەڵات لابیرێت بەڵام بەهاوكاری ئەم وەزیرە توانی بەسەر هەڵگەڕاوانی ووڵات سەربكەوێ ، بۆ ماوەیەك حوكمی ووڵات لەلایەن (ابو عبدالله) ڕایی كراوە تا ئەوكاتەی میر گەیشتۆتە تەمەنێكی وا بتوانێ دەسەڵات بەڕێوە ببات (ابن الاثير، 2002، 262/6 ؛ صدفي، 2000، 58/2). كاتێك میر (نوح بن نصر) لەساڵی (331ك/ 943ز) دەسەڵات دەگرێتە دەست هەڵدەستێ بە دانانی (ابوذر) وەك وەزیر ، پێشتریش دادوەر بووە لەشاری (بخاری) لەسەردەمی خۆیدا كەس نەبوو لەو شەرع زانتربێ ، هەروەها خاوەنی كتێبی (المختصر الكفاية)یە (نرشخي، د.ت، ص 137). میرانی سامانی زۆر بڕوایان بە زانایان هەبووە كاتێك دەسەڵاتیان پێداون ، وە بە پەرۆش بوینە بۆ ئەوەی لەدەسەڵات بیانهێڵنەوە بۆنمونە كاتێك میر (ابو القاسم نوح الثاني بن المنصور) (366-387ك/976-997ز) دەسەڵات دەگرێتە دەست هەڵدەستێ بە دووبارە دانانەوەی (ابو عبدالله محمد بن احمد الجيهاني) وەك وەزیر ، بەڵام (ابو عبدالله) بەهۆی گەورەیی تەمەنیەوە داوای لێبوردون لەمیر دەكات و واز لەدەسەڵات دەهێنێ (نرشخي،د.ت، ص142).

سەبارەت بەپلەی دادوەریش سامانیەكان ئەم پۆستەیان داوە بە كەسانی شارەزا لە بوارەكانی زانستی (قورئان ، حديث، فقه) ئەمەش لەبەر ئەوەبوە سامانیەكان موسلمان و سونە مەزهەب بوینە ،هەر بۆیە چەند كەسێكی شارەزایان لەم بوارانەدا هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام دادوەری لەنێوان خەڵكی ناوچەكە بكەن ، یەكێك لەوانە (ابو القاسم اسحاق بن محمد بن اسماعيل) (م: 340ك/951ز) ناوبانگی دەركردبوو بە (الحكمة والموعظة) لەبەر ئەوەی كەسێكی دانا (الحكيم) بووە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێتە دادوەر لەشاری (سمرقند) لەسەردەمی (نوح بن نصرالساماني) (ابي الوفاء، د.ت، 371/1 ؛ حاجي خليفة ،1360، 1008/2)،لەلایەکی ترەوە (نوح بن نصر) هەڵدەستێ بە دانانی (ابو احمد النيسابوري الكرابيسي) (285-378ك/898-988ز) وەك دادوەر لە ناوچەی (الشاش) ناوبراو شارەزایەکی زۆری هەبووە لەبواری فەرمووودەناسی خاوەنی چەندین کتێب بووە لەوانە (الاسماء الكنى، العلل، المخرج على كتاب المزني، الشروط ، الشرح والابواب) لەتەمەنی نەوەد و سێ ساڵی کۆچی دوایی کردوە (الذهبي، 1993، 637/26-638).

هەروەها (ابو الحسن النيسابورى) لەساڵی (351ك/962ز) لەسەردەمی میر (منصور بن نوح بن نصر) دەکرێتە دادوەر لە (نیسابور) پێشتریش دادوەر بووە لە ناوچەکانی حیجاز، لەمەزهەبی (حنفي) شارەزایەکی زۆری هەبووە جگەلەوەش زانایەکی گەورەبوە لەبواری (الفقه) لەتەمەنی حەفتا ساڵی کۆچی دوایی کردوە (الذهبي، د.ت، 86/2-87)، وە (ابي الحسن علي بن الحسن) شارەزابووە لەبواری فەرمووودەدا دەکرێتە دادوەر لەشاری (نسف) لەساڵی (357ك/ 967ز) (النسفي، 1991، ص391)، هەروەها (ابو محمد بن ابي حامد الاسماعيلي الطوسي) (م: 367ك/977ز) کرایتە دادوەر لە (خرسان) لەچەند کاتێکی جیاوازدا کەسایەتیەکی دیاری هەبووە لەناوچەکانی (نیسابور) زۆربەی ژیانی لەمزگەوت بەزانستەوە بردۆتە سەر لەشاری (بخاری) کۆچی دوایی کردوە (الحاكم النيسابوري، 1427، ص 198؛ ابن صلاح ، 1992، 427/1). وە(محمد بن الحسين بن محمد البسطامي) (م: 408ك/1017ز) یەکێك بوە لە شوێنکەوتوانی مەزهەبی (الشافعي) ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە لەبواری ئامۆژگاریدا لەساڵی (388ك/ 998ز) بۆتە دادوەر لەشاری (نیسابور) (الصريفيني، 1414،ص 17). لەدیوانی پۆستەوگەیاندنیش بەهەمان شێوە پشتیان بەکەسانی زاناوشارەزا بەستوە ، دوای ئەوەی میر ( نوح بن نصر) هەستی بەزیرەکی و دانایی (ابو القاسم علي بن محمد السكافي النيسابوري) کردوە لەبواری نوسین و ڕەوان بێژیدا لەبەر ئەوە لە (خراسان) کەس نەبووە وەك ئەولێهاتوو بێ لەم بوارەدا هەر بۆیە میر بڕیاری داوە بەدانانی (ابو القاسم) لەدیوانی نامەبەریدا (ثعالبي، 1983، 108/4-109)، هەروەها (ابو محمد الميكالي النيسابوري) (م:379ك/989ز)شارەزابوە لەبوارەکانی ( نوسين ، ديوان ، شيعر ، الفقه) لەسەردەمی (منصور بن نوح)لەساڵی (364ك/974ز) دەکرێتە بەر پرسی دیوانەکانی پۆستە لە میرنشینی سامانی،دواترلەشاری مەککە کۆچی دوایی دەکات (الحاكم النيسابوري،1427، ص 271-272).

**ج-بەژداریکردنی میرانی سامانی لە پرسەی زانایان:**

زانایان لەکاتی مردنیشیان ڕێزیان لێگیراوە لە لایەن میرانی سامانی لەم ڕووەوە بەژداریان کردوە لەبەخاك سپاردنیان ، بۆنمونە (نصر بن احمد بن اسد) بەدەستەکانی خۆی (سعد بن نصر السمرقندي) كفن كردوە ,هەروەها میر (اسماعیل بن احمد) بەژداربووە

لەبەخاك سپاردنی شەرع زان (ابي الليث عبيدالله بن شريح البخاري) (م:258ك/871ز) لەشاری (سمرقند)نوێژی لەسەر تەرمەکەی کردوە بەخاکی سپاردوە (ابن حبان، 1973، 407/8 ؛ وداد، 2021 ،ص 102-103)، (ابو محمد احمد بن عبدالله بن محمد المغفلي) (270-356ك/883-966ز) پێشەوای زانایان بوو لە (خراسان) کاتێك وەفاتی کرد بەشێکی زۆر لەکار بەدەستانی سامانی بەژدار بوون لە بەخاك سپاردنی ،لەوانە (ابا علي البلعمي) وەزیری سامانیەکان بوو یەکێك بووە لە هەڵگرانی تەرمەکەی بردیان بۆماڵی میرو نوێژە مردویان لەسەر کردوە ، پاشان لەشاری (هرات) بەخاکیان سپاردووە (الذهبي،2006، 243/12-244). زانایان دوای مردنیشیان ڕێزیان لێگیراوە ئەوەتا (ابن بطوطة) لە کتێبەکەی بەناوی (رحله ابن بطوطة) دەڵێت ( كتبت على قبور علماء بخارى اسماؤهم و اسماء تصانيفهم) (1417، 132/1).

**ح-پەروەردە کارانی تایبەت و منداڵانی میر:**

بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان سامانیەکان هەر لەسەرەتای حوکمڕانی کردنیان منداڵەکانیان پەروەردەکردوە لەلایەن کەسی شارەزاوە کە ئەوکات پێی دەوترا (المؤدب) لەم بارەیەوە میر (اسماعیل بن احمد) دەڵێت (باوکم مامۆستایەکی تایبەتی بۆ پەروەردەکردنم دانابوو) (الذهبي،2006، 96/11)، وە دڵگران نەدەبوون بەوەی منداڵەکانیان لۆمەبکرێت لەلایەن کەسی فێرکەرەوە، بۆ نمونە کاتێك(اسماعیل بن احمد) گوێی لەو فێرکەرەبوو کەبە (احمد)ی کوڕی دەوت (خۆت و باوکت دوور بن لە بەزەیی خودا) لەوەڵامدا میر (اسماعیل بن احمد) پێی ووت (ئێمە تاوانێکی وامان نەکردووە شایەنی ئەم جۆرە سزایە بین) سەرەڕای ئەوەش میر برێك بارە دەدات بە مامۆستاکە (الحاكم النيسابوري،1427، ص205 ؛ النويري، 2004، 204/25). ئەوانەی بە پیشەی پەروەردەکردن و فێرکردنەوە خەریك بوون دەبا لە پلەیەکی بەرزی زانست و ڕۆشەنبیری دابان ، زۆر جاریش کەسی فێرکەر دەچوون بۆ ماڵی قوتابیەکان و فێری زانست و ئەدەب و ڕۆشەنبیریان کردوون ، وەك (ابي

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

محمد عبدالله المكي) (م:372ك/982ز) لەبوارەکانی نوسین و فەرمودەناسیدا شارەزایەکی زۆری هەبووە (النسفي،1991،ص205-206).

جگە لەبنەماڵەی میرانی سامانی دەسەڵات دارانی وولاتیش گرینگیان بەوە داوە منداڵەکانیان لەلایەن کەسانی شارەزاوە پەروەردە بکەن لەوانە (ابو عباس الميكالي) (م:392ك/972ز) والی (نیسابور) بوو هەڵساوە بەدانانی (ابابکر محمد بن الحسن بن دريد)(321ك/933ز) کە یەکێك بوو لەزاناکانی ئەو سەردەم، بۆ ئەوەی کوڕەکەی فێری زانست و زانیاری بکات (البيهقي، 1425، ص237، ياقوت الحموي، 1993، 721/2). خەڵکی ئاساییش بەوکارە هەڵساون مامۆستای تایبەتیان بۆ منداڵەکانیان گرتوە بۆ ئەوەی فێریان بکەن بۆنمونە باوکی (ابن سيناء)[1] (370-427ك/980-1037ز) هەر لەمنداڵیەوە چەندین مامۆستای تایبەتی بۆ دانابوو لەبوارەکانی زانستی (قورئان، فەلسەفە، وێژە) (لبيهقي،1946، ص52-53-54).

خەڵكیش بەچاوی ڕێزەوە سەیری زانایانیان کردوە ، ئاهەنگیان بۆ گێڕاون ، بەدەمیان هاتوون، بۆنمونە کاتێك (ابوبكر القاضي الشاهوي الفارسي)[2] (م:361ك/971ز) لەگەڵ چەند زانایەکی تر دەچن بۆ (بخاری) خەڵکی ناوچەکە ئامادە سازیان بۆ کردبوون و شارەکەیان ڕازاندبۆوە و دڵخۆشبوون بەهاتنیان (القرشي، 1993، 49/3-50)، (الامام الكبير ابو سهل الصعلوكي)(296-369ك/908-979ز) بە نهێنی لەشاری (اصبهان) دەچێتە (نیسابور) بۆ پرسەی مامی لەبەر ئەوە خەڵکی (اصبهان) ڕازی نەبوون شارەکەیان بەجێ بهێڵێ ، وەکاتێکیش گەیشتە (نیسابور) خەڵکەکەی زۆریان لێکرد لایان بمێنێتەوە ، لەبەر ئەوەی ناو براو زاناو پێشەوای سەردەمەکەی بوو لەبوارەکانی (التفسير، الفقه، النحو، اللغة، الشعر، العرض، الكلام )هەروەها بەدەریای زانستەکان ناسرابوو(السبكي،د.ت، 167/3-168). لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە پێگەی زانایان لەسەردەمی سامانیەکان بەرزوو گەورەبووە ، تاڕادەیەکی باشیش مافی زاناکانیان داوە هاوکاریان کردوون ئەمەش هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدانی جولانەوەیەکی زانستی و

(1 ) ابوعلي بن سيناء: پزیشك و فەیلەسوف بووە لەسەردەمی سامانیەکان هەندێك لەمیرانی سامانیشی چارەسەر کردووە لەوانە (نوح بن نصر) لەبەرامبەردا میر (نوح) چەندین دیاری بەنرخی پێشکەش کردوە (ابن كثير ، 1988، 53/12).

(2 ) محمد بن احمد بن علي بن شاهوية: زانابووە لە بوارەکانی (فقه) و ژمێریاری هەڵەی چەندین کتێبی ڕاستکردۆتەوە لە(بخاری) لە قوتابخانەی (ابي حفص الفقيه) وانەی ووتوتەوە ، لە(نیسابور) لەساڵی(361ك/971ز) کۆچی دوایی کردوە (قرشي، 1993، 49/3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆشەنبیری و هزری بەرهەمەکەشی بەدیار کەوتنی چەندین زانابووە لەبوارە جۆر بەجۆرەکانی زانستدا.

## تەوەرەی دووەم/ شوێنی جغرافیای میرنشینی غەزنەوی و ڕۆڵی سوڵتانەکانی غەزنەوی لە گرینکی دانیان بەزانایان :

### 1-باسی یەکەم/شوێنی جغرافیای میرنشینی غەزنەوی:

میرنشینی غەزنەوی کۆمەڵێك هەرێمی جیاوازی لەخۆگرتبوو کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی سامانیەکان بوو ، دواتر توانیان دەسەڵاتیان فراوان بکەن تا ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا ،هەریەکە لە هەرێمەکانی (خراسان ، سجستان، قوهستان ، طبرستان ، ري، کرمان، بلاد ماوەراء النهر )و باکووری هیندستان بخنە ژێر دەسەڵاتیانەوە (الاصطخري، 2004،ص253 ؛ الفقي ، 1980، ص 15 -19). میرنشینی غەزنەوی سەرەتا لە (غزنە) دامەزرا لەساڵی (366ك /976ز) پاشان دەسەڵاتەکەی فراوان بوو بۆ ناوچەکانی (خراسان ، هند ، غور ،طبرستان،اصبهان، خوارزم، ري،الجبال، همذان،اذربيجان،ارمنية .......هتد) (سبكتكين)(350-387ك/961-997ز) بەدامەزرێنەری میرنشینی غەزنەوی دادەنرێت ، ناوبراو بەندەی (البتكين) سەرکردەی سامانیەکان بوو لە غەزنە . دوای مردنی (البتكين) ، (سبكتكين) دەبێتە سەرکردەی سوپای سامانیەکان (النيسابوری ،د.ت،6/1 ؛ النويري ،2004، 16-15/26).ماوەی حوکومڕانیەکەیان نزیکەی دووسەت و سی ساڵی خایەند ، پاشاکانیان لە باشترین پاشاکانی جیهان بوون بەتایبەتی (محمود بن سبكتكين) (387-421 ك / 997-1030ز) کەڕۆڵێکی گەورەی بینی لەڕووی جەنگ و جیهادەوە لەرێگەی خودادا (ابن الاثير ، 2002، 9/ 81).

### 2-باسی دووەم/ڕۆڵی سوڵتانەکانی غەزنەوی لە گرینکی دانیان بەزانایان :

لەسەردەمی غەزنەویەکانیش بەهەمان شێوەی سامانیەکان گرینگیان بە زانایان داوەو هاوکاریان کردوون بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان (محمود بن سبكتكين) کەسێکی دادپەروەر بوو هەوڵێکی زۆری داوە بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام ، لەم بارەیەوە ناوچەیەکی زۆری فەتحکرد بەتایبەتی لە ناوچەکانی (هند) وە توانی سنووری دەسەڵاتەکەی فروان بکات و ماڵ و سامانێکی زۆری دەسکەوت . زاناو فەرموودە ناسانی خۆشویستوە زۆر کات لە کۆبوونەوەکانیان بەژداری کردوە ،ڕێزێکی زۆری لێگرتوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، (محمود بن سبكتكين) سەرەتا لەسەر مەزهەبی (حنفي) بووە دواتر لەسەر دەستی (ابي بكر القفال الصغير) دەبێتە یەكێك لەشوێنكەوتوانی مەزهەبی (شافعي) (ابن كثير ، 1988، 38/12 ؛ ابن كثير ،1993، ص401)، خودی خۆشی كەسێكی زاناو تێگەیشتوو بووە لە بوارەكانی (الفقه ، حديث (الشافعي،1430، 120/1 ؛ نظام الملك،1407، ص98 ؛ السبكي، د.ت، 315/5).

**أ-دانیشتن لەگەڵ زانایان و یارمەتی دانیان لەڕووی دارای:**

سوڵتانەكانی غەزنەوی بەچاوی ڕێزەوە سەیری زانایانیان كردوە لەوانە (ابومنصور الازدي (م:410ك/1019ز)شارەزایەكی زۆری هەبووە لەمەزهەبی(شافعي)و زانابووە لەبواری فەرمودەدا لەناوچەی (هرات)كۆچی دوایی كردوە، سوڵتان (محمود) ڕێزێكی زۆری لێگرتوە بەهۆی زانست و چاكە خوازیەكانی(الذهبي، 2006، 58/13).هەركاتێك سوڵتان (محمود بن سبكتكين) چاوی بە (عثمان النيسابوري الجداوي)(م:416ك/1025ز) بكەوتایە لەبەری هەڵدەستایەوەو خۆشحاڵ دەبوو پێی ،ئەویش خاوەنی چەندین كتێب بووە لەبوارەكانی ئامۆژگاری و فەرمودەو وە (الفقه)،هەروەها كاربەدەستانی وولاتیش ڕێزیان گرتووە ، لە (نيسابور) كۆچی دوایی كردوە (ابن كثير ، 1988، 24/12)، بەهەمان شێوە (محمد بن علي بن محمد الخبازي) (372-449ك/-982-1057ز)شارەزایەكی باشی هەبووە لەبوارەكانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمووودەكانی پێغەمبەر (د.خ) كاتێك دەچێتە (غزنة) سوڵتان (محمود بن سبكتكين) بەدەمیەوە چووە پرسیاری لێكردوە دەربارەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز (ابن الجرزي، 1351، 207/2).

(العلامة ابو الحسن علي بن ابي الطبيب) (م:451ك/1059ز) خاوەنی چەندین بەرگە كتێب بووە لەبوارەكانی تەفسیری قورئانی پیرۆز ، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی دەچێ بۆناو كۆشكی سوڵتان و لە دانیشتنەكەیان ئامادە دەبێت ، ئەمەش جێی ناڕەزامەندی سوڵتان دەبێت و بڕیار دەدات بە دوور خستنەوەی ،بەڵام دوای ئەوەی سوڵتان پێی دەزانێ ناوبراو كەسێكی شارەزایە لەبواری تەفسیردا داوای لێبوردنی لێدەكات ، وەبڕێك پارەی پێ دەدات ،بەڵام (ابو الحسن) داواكاریەكانی قبوڵناكات (الذهبي،2006، 368/13) . سوڵتان (محمود) كەسانی خواپەرست و زاهیدانی لەبیر نەكردووە بەڵكوو بەهەمووو شێوەیەك هەوڵی داوە یارمەتیان بدات ، جگە لەوەش گوێی لە ئامۆژگاریەكانیان گرتوە ،لەوانە (ابو الحسن الخرقاني) (م:425ك/1033ز) شێخی سەردەمی خۆی و خاوەنی سەیلو

سلوك (الكرامات والاحوال) بووە هەروەها خەڵکی ناوچەی (خرقان) بوو ،سوڵتان (محمود) سەردانی کردوە و داوای ئامۆژگاری لێکردوە ،هەوڵی داوە یارمەتی بدات لەڕوویی داراییەوە بەڵام (ابو الحسن الخرقاني) هیچ بڕە پارەیەکی لێ وەرناگرێت (الذهبي،1993، 162/29).

سوڵتان (مسعود بن محمود) یش بەهەمان شێوەی باوکی ڕێزی لەزانایان گرتووە و یارمەتی داون ، لەگەڵیان کۆبۆتەوەو پرسیاری لێکردوون دەربارەی زانستە شەرعیەکان، هەروەها هەزاران درهەمی وەکو یارمەتی پێداون(ابن كثير، 1988، 36/12 ؛ الحنبلي،2005، 130/1).   جگە لە سوڵتانەکانی غەزنەوی دەسەڵاتدارانی وولاتیش گرینگیان بەم لایەنە داوە لەوانە (احمد بن حسن الميمندي) (م:424ك/1033ز) وەزیربووە لەهەر دوو سەردەمی سوڵتان (محمود، مسعود) ، بە دیارترین کەسایەتی دادەنرێ لە نێو میرنشینی غەزنەوەیی لە گرینگیدانی بە زانایان و دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەم مەبەستە بە بەردەوامی لەگەڵ  زانا و شاعیران و ئەدیبان کۆبویتەوە بە شێوەیەکی گشتی لەسەردەمی ئەودا میرنشینەکە هەنگاوی گەورەی ناوە لەم بارەیەوە (الذهبي، 2006، 177/13؛ سعيد، 2006،ص94).    سوڵتان (ابراهيم بن مسعود)(451-492ك/ 1059-1099ز)یش بەدوای زانایانی ناردووە لەنێو خەڵکیدا بەچاوێکی گەورەوە سەیری کردوون  داوای زانست و زانیاری لێکردوون، جگە لەوەش هەڵساوە بە دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە (البيهقي،1946، ص115 ؛ ابن تغري بردي، د.ت، 164/5).

هەندێکجار سوڵتانەکانی غەزنەوی داوایان لە زانایان کردووە بێن بۆماڵەکەیان و قورئانی پیرۆزیان بۆ بخوێنن لەوانە سوڵتان (مسعود بن ابراهيم) (492-508ك/1099-1114ز) (الحكيم الامام ابوالحسن الابريسمي) ڕادەسپێرێت بەوەی هەموو بەیانیەك بێت بۆ ماڵەکەی و قورئانی پیرۆزی بۆ بخوێنێ (ابوالحسن الابريسمي)یش هەموو قورئانی لەبەر بووە شارەزابووە دەربارەی زانستەکانی ،هەروەها کوڕەکەشی بەناوی (محمود) پیشەی پزیشك بووە لەبواری ئەندازیارییشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بەوهۆیەوە غەزنەویەکان لەخۆیان نزیك کردۆتەوە دەسەڵاتیان پێداوە (البيهقي، 1946، ص138).هەروەها سوڵتان (بهرام شاه بن مسعود بن ابراهيم) (512-548ك/ 1118-1153ز) کەماوەی فەرمان ڕەواییەکەی سی و شەش ساڵ بووە ، کەسێکی دادپەروەر و خۆشەویست بووە لەلایەن زانایان و یارمەتی داون لەڕووی دارایەوە ، جگە لەوەش خودی خۆشی کەسێکی زانابووە حەزی بە کتێب کردووە (ابن الاثير، 2002، 94/9).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسنوری دەسەڵاتی غەزنەویەکان چەندین زانای شارەزاو بەناوبانگ کۆببونەوە وانەیان دەوتەوە لە بوارە جیاجیاکاندا لەوانە (احمد بن محمد ابو حامد الاسفيراني) (344-406ك/955-1015ز)یەکێك بووە لە شارەزاکانی ئەوسەردەم لەمەزهەبی (شافعي)دا خاوەنی حەوسەت قوتابی بلیمەت بووە لە بواری (الفقه) ،خەڵکی دەیان ووت گەر پێشەوا (شافعي) بمابایە زۆر دڵخۆش دەبوو بە (ابو حامد) و زانستەکەی (الخطيب بغدادي، 2002، 368/4-369 )،هەروەها (عبدالملك بن عبدالله بن يوسف الجويني) (419-478ك/1028-1085ز) ناسرابوو بە (امام الحرمين) شارەزابوو لەمەزهەبی (شافعي) خەڵکی (نیسابور) بووە ،کاتێك وانەی دەوتەوە دەیان زانا ئامادە دەبوون و خاوەنی چەندین کتێبە لەگرینگترینیان (العقيدة النظامية في الاركان الاسلامية، البرهان، ...هتد)
(الزركلي، 2002، 60/4). لەنێو بنەماڵەی غەزنەویەکانیش کەسانی زاناو شارەزایان هەبووە لەوانە (نصر بن سبكتكين) دەسەڵات داری ناوچەی (نیسابور) بووە لەسەردەمی سوڵتان (محمود بن سبكتكين)دا بایەخێکی زۆری بەکتێب داوە بەتایبەتی کتێبە ئاینیەکان بۆنمونە کاتێك چاوی بە (حقائق التفسير) کەوتوە کەتایبەت بووە بە تەفسیری قورئانی پیرۆز زۆر پێی سەرسام بووە ، دواتر هەڵدەستێ بەدابەشکردنی بۆ (دە)بەرگ جگە لەوەش ئایەتەکانی بە ئاوی زێر نوسیتەوە (الذهبي، 2006، 44/13 ؛ ابن الحجمي، 1417، 296/1).

### ب-پەروەردەکارانی تایبەت و منداڵانی سوڵتان:

سوڵتان (محمود بن سبكتكين) گرینگی داوە بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی لەلایەن کەسانی شارەزاوە ،بەزمانی ئەوسەردەمە پێی دەوترێ مامۆستای تایبەت ، ئەوکات پێی دەوترا (المؤدب)، بۆ ئەم مەبەستە هەڵساوە بە دانانی (احمد بن ابي القاسم حمدان الاستغداديزي) (م:439ك/1047ز) بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی ، ناوبراویش شارەزابووە لە بوارەکانی (الفقه) و پەروەردەکردندا ( السمعاني، 1962، 206/1-207)، هەروەها (عبدالله بن محمد بن يوسف الزوزني) (م:431ك/1039ز) زانایەکی ناودار بووە لەسەردەمی غەزنەویەکان لە بوارەکانی فەرموودەو شیعردا لەناوچەکانی (خراسان)، کاربەدەستانی ناوچەکە وەکو مامۆستا بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دیاریان کردبوو (الكتبي، د.ت، 229/2).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ت-دانانی زانایان لە یەکەکانی بەڕیوەبردنی وولآت:

سەبارەت بە بەژداری کردنی زانایان لە بەڕێوە بردنی وولآتدا لە میرنشینی غەزنەوی کەمتر بەرچاو دەکەوێت وەك لە میرنشنی سامانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا غەزنەویەکان زانایانیان لە پۆستە ئیداری و دادوەریەکان بێ بەش نەکردووە بۆ نمونە (احمد بن علي بن اسماعيل ابو نصر النيسابوري) (م:406ك/1015ز) شاعیر و نوسەر بوو یەکێك بووە لەدەسەلآت دارانی سوڵتان (محمود بن سبكتكين) (ابوالمعالي، 1990، 203/4)،هەروەها (الحاكم الامام ابو سليمان فندق بن الامام) (م:419ك/1028ز) دەکاتە موفتی و دادوەر لەسەر ناوچەکانی (نیسابور) (بيهقي، 1425، ص217)،دوای ئەوەی سوڵتان دەست دەگرێت بەسەر شاری (اصبهان)نیش (ابونعيم الاصبهاني)(336-430ك/947-1038) وەك والی لەشارەکە دادەنێت ،ناوبراو بەهۆی زانستەکەیەوە چەندین نازناوی پێدراوە وەك (الامام الحافظ، الثقة العلامة، شيخ الاسلام .....هتد) (الذهبي،2006، 13/ 155-156-157-158). (العلامة ابو اليسر البزدوي) لەساڵی (421ك/1030ز) لەدایك بووە شارەزابوو لەمەزهەبی (الحنفي) خاوەنی چەندین کتێب بووە پەرتوکەکانی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بڵاو ببوونەوە ،هەروەها شارەزایەکی باشی هەبووە لەبواری فەرمودەداو پلەی دادوەری دادوەرانی هەبووە لەشاری (سمرقند)و لەشاری (بخاری) کۆچی دوایی کردوە (ذهبي،1993، 164/24). (ابن احمد ابو زرعة الرازي) (م:423ك/1032ز) شارەزابوو لە بوارەکانی (ألادب، الفقه) لەڕووی مەزهەبەوە (شافعي) مەزهەب بووە دەکرێتە دادوەر لە شاری (اصبهان) (ابن الجوزي، 1992، 231/15).لەکۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتیشیان هەر گرینگیان بە زانایان داوە بۆ نمونە لەسەردەمی سوڵتان (خسرو شاه بن بهرام شاه بن مسعود) (548-555ك/1153-1160ز) واباسکراوە کەسێکی دادپەروەر بووەو زانایانی خۆشویستوە لە خۆی نزیك کردوونەتەوە (الذهبي،د.ت، 24/3).

### ث-بەرهەمی مێژوو نوسان شاعیران بۆسوڵتانەکانی غەزنەوی:

سوڵتان (محمود بن سبكتكين) خۆشەویست بووە لەلایەن مێژوو نوسان کتێبیان بۆ داناوە بۆنمونە (ابو نصر العتبي) (م:428ك/1036ز) کتێبێکی داناوە بەناوی (تاريخ اليميني) کەتێیدا باسی ژیانامەی سوڵتان و جەنگ و تێکۆشانەکانی بەتایبەت لەناوچەکانی (هند)دەکات (شهاب الدين ، 1423، 119/12-120)، (ابو الفضل البيهقي) (385-470ك/995-1077ز) نوسەری سوڵتان (محمود بن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سبکتکین) بووە ،دواتر (ابو الفضل البیهقي) هەڵدەستێ بە نوسینی کتێبێك بەناوی (تاریخ ال محمود) بەزمانی فارسی کە خۆی لە (سی) بەرگ دەبینیەوە بەشێکیان لە کتێبخانەی (سرخس) بەشێکی تریشیان لە قوتابخانەی (خاتون) لەعێراق دانران (البیهقي،1425،ص112).(محمد بن احمد ،ابو ریحان البیروني) (362-440ك/973-1047ز) شارەزابووە لە بوارەکانی (مێژوو ، فەلسەفە ، بیرکاری) خەڵکی خاورزم بووە خاوەنی چەندین کتێب بووە لەوانە (الجماهر في معرفة الجواهر ، تاریخ الامم الشرقیة، الاستعاب في صنعة الاسترلاب .....هتد) هەڵساوە بەدانانی کتێبێك بۆ سوڵتان (مسعود بن محمود) بەناوی (القانون المسعودي) (یاقوت الحموي،1993، 2330/5-2331 ؛ الزرکلي، 2002، 314/5). سەبارەت بەشاعیرانیش لەگەڵیان کۆبۆتەوە شیعریان بۆ وتوە لە گرینگترینیان (الفردوسي) (323-411ك/935-1020ز)یەکێك بووە لەگەورە شاعیرانی فارس و لەبەرامبەردا سوڵتان دیاری پێداوە (القزویني، د.ت، ص416).

### ج- سوڵتانەکانی غەزنەوی و هەڵوێستی توند بەرامبەر بە زانایان:

لەهەندێك کاتدا سوڵتان (محمود بن سبکتکین) هەڵوێستی توندی بەکارهێناوە بەرامبەر زانایان بۆنمونە کاتێك بەژدار بووە لەو گفتوگۆیەی نێوان (ابي بکر بن فورك) و (محمد بن الهیضم) دووزانا بوونە لەبواری زانستە شەرعیەکان، لەسەر بابەتی عەرش (مسألة العرش) سوڵتان(محمود) (ابي بکر بن فورك) لەو دانیشتنە دەردەکات ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بیرو ڕاکانی ئەم زانایە لەگەڵ بیرو ڕاکانی گروپی (الجهمیة)[(3)] هاوتا بوون (ابن کثیر، 1988، 38/12)، دواتر (ابي بکر بن فورك) ژەهرخوارد دەکرێت لەلایەن سوڵتان (محمود بن سبکتکین) ئەویش بەهۆکاری ئەوەی ناوبراو باوەڕی بە پەیامبەرایەتی (محمد) (د.خ) نەبوو بۆ کاتی ئێستا بەڵکو دەیووت لەڕابردوودا پەیامبەری خودابووە (ابن صلاح، 1992، 138/1 ؛ محمد، 1986، 43/5).

---

(3 )الجهمیة:گروپێك بوون لەسەردەمی عەباسیەکان بەتایبەتی لەماوەی خیلافەتی (المأمون) پەیدا بوون، سەرکردەکەیان ناوی (الجهم بن ابي صفوان) بوو بیروباوەریان جیاواز بوو لە (اهل السنة) لەوانە دەیان ووت قورئانی پیرۆز (مخلوق)ە هەروەها خودای گەورەیان لەهەموو سیفاتە بەرزو جوانەکانی داماڵی بوو (کناني، 2002، ص15 ؛ الدمشقي، 1979،ص9-10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها کاتێك سوڵتان (محمود) داوا لە (ابن سیناء) دەکات بێت بۆووڵاتەکەی (ابن سیناء) داواکەی قبوڵ ناکات ئەمەش والە سوڵتان دەکات بڕیاری گرتنی بۆ دەربکات ،جگە لەوەش وێنەی ناوبراو لە هەرێمی فارس(بلاد فاررس)[4] بڵاودەکاتەوەو بەڵێنیش دەدات هەرکەسێك بیگرێت خەڵاتی دەکات (ول دیورانت، 1988، 193/13).وە یەکێك لە زاناکانی گرووپی (الباطنية)[5]بەناوی (تاهرتي) لە ووڵاتی (مصر) دێتە لای سوڵتان (محمود بن سبکتکین) بەشێوەیەکی نهێنی داوای لێدەکات کەوا سوڵتان مەزهەبەکەی خۆی بگۆڕێ ببێتە یەکێك لەپەیڕەوکەرانی گرووپی (الباطني) ئەمەش سوڵتان تورەدەکات و هەڵدەستێ بەکوشتنی (الذهبي، 2006، 173/13)، گومان لەوەدانیە (تاهرتي) لایەنگری خیلافەتی (فاطمي) بووە مەبەستەکەش تەنها لایەنی مەزهەبی نەبووە بەڵکو زیاتر لایەنی سیاسی بووە چونکە(فاطمية)کان ویستویانە غەزنەویەکان بۆخۆیان ڕابکێشن دژی عەباسیەکان بەکاریان بهێنن.

کاتێێك سوڵتان (محمود) دەست دەگرت بەسەر شاری (ري) بڕیاردەدات بە لەناوبردنی هەریەکە لە گرووپەکانی زەندەقە (الزناديق) وە باتنیەکان (الباطنية) هەروەها بەشێکیشیان بەند دەکات (البيهقي، 1425، ص49)، دواتریش هەڵدەستێ بە سوتاندنی کتێبخانەی (ري) کەپڕبوون لە کتێبەکانی گرووپی (الروافض، البدع) بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی کەوا تایبەت بوون بە زانستەکانی (کلام، فلسفة)(ياقوت الحموي، 1993، 697/2 ؛ ابن الاثير، 2002، 409/7).(ابن الجوزي) لە کتێبی (المنتظم) باس لەوە دەکات کاتێك سوڵتان (مسعود بن محمود) دەستی بەسەر (اصبهان) داگرت لەساڵی (421ك/1030ز) ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی شارەکە دەکوژێت ئەویش بەهۆی جیاوازی مەزهەبەکەیان بووە لەگەڵ غەزنەویەکان،یەکێك لەوانەی کە لەو ئاژاوەیە گیانی لەدەستدا (ابوبکر عبدالواحد بن احمد بن محمد الباطرقاني)(م:421ك/1030ز) یە پێشەوای زانایانی شارەکە بوو لە زانستەکانی خوێندنەوەی قورئانی

---

(4 )هەرێمی فارس (بلاد فارس) : ئەم هەرێمە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کرمان و ڕۆژئاوای خوزستان و ئەسفەهان، ناوچەکانی باکوریشی ئەو بیابانەیە کە هەرێمی فارس و خۆرسان لێك جیادەکاتەوە باشوریشی دەریایی فارسە(الاصطخري ،2004،ص96)، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە ئاو خاوەن چەندین ڕووبارە لەوانە (طاب، سيرين، الشاذكان.......هتد)جگە لەوانەش دەکەوێتە سەر دەریا(ياقوت حموی،1995، 227/4).

(5)الباطنية: لەسەردەمی خەلیفە (مأمون) پەیدابوون هەوڵی زیندوکردنەوەی بیروباوەڕی فارسی کۆنیان دەدا ، لەڕواڵەتدا خۆیان وەك موسڵمان بەدیار دەخست ، لەگرینگترین سەرکردەکانیان (عبدالله بن ميمون القداح، محمد بن الحسين) بوون (الاسفراييني،1977، ص16 ؛ الاسفراييني،1983، ص 141).

پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) (ابن الجوزي،1992، 230/15 : یاقوت الحموي، 1995، 324/1).

بەڕای ئێمە لەڕوویی ئاینی غەزنەویەکان بەهەمان شێوەی سامانیەکان گرینگیان داوە بە زانایان، بەڵام غەزنەویەکان زیاتر گرینگیان بەلایەنی ئاینی و مەزهەبی داوە ،جگە لە مەزهەبی سونە بەتایبەتی (حنفي، شافعي) ڕێگەیان بە ئەوانی تر نەداوە کتێب و بڵاوکراوەکانیان بڵاو بکەنەوە، هەروەها دژبوون بەهەردوو زانستی (فلسفة، کلام)و هەریەکە لە گروپەکانی (زەندقة، باطني، علوي،زیدي ....هتد) لە هەندێك کاتدا هەڵساون بە بەندکردن و لەناو بردن و قەڵاچۆکردنیان.

## دەرئەنجام:

1-تێکەڵ بوونی موسڵمانەکان بەگەلانی ترو سوود وەرگرتنیان لە زانستی یەکتری.

2-پێشکەوتنی لایەنی زانستی وەك پێویستیەکی سەردەم و بەکار هێنانیان لەژیانی ڕۆژانەیان.

3-دەرکەوتنی چەندین کتێب لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا.

4- بەدیارکەوتنی ڕۆڵی میرانی سامانی و سوڵتانەکانی غەزنەوی لەبەرەوپێشبردنی شارستانیەتدا.

5- بایەخدان بەلایەنی دادپەروەری و شیعرو ئەدەب لەپاڵ لایەنەکانی تری زانستی .

6-بەدیار کەوتنی هەرێمەکانی خوراسان و ئەودیوی ڕووبار و غەزنە لەناو دەوڵەتی عەباسیدا وەك مەڵبەندێکی گرینگی ڕۆشەنبیری.

7- بەرز بوونەوەی پلەی زانایان بەتایبەت لە میرنشینی سامانی بۆ پلەی پاشایان و دەسەڵاتدارانی ووڵات.

## لیستی سەرچاوەکان:


1-ابن الاثیر، محمد بن محمد عبدالکریم عبد الواحد الشیبانی(ت:630هـ/1232م (2002)، ***الکامل فی التاریخ***، ط1، بیروت ، دار المعرفة.

2-البیهقي، ابو الحسن ظهیر الدین علي بن زید،(ت: 565هـ/1169م)، (1425)، ***تاریخ بیهق***، دمشق، دار اقراء.

- (1946)، ***تاریخ حکماء الاسلام***، تحقیق: محمد کردي علي، دمشق، مطبعة الترقي .

3- ابن بطوطة، محمد بن عبد الله بن محمد بن إبراهیم اللواتي الطنجي (ت: 779هـ/1377م) (1417)، ***رحله ابن بطوطة***، اکادمیة المملکة المغربیة،الرباط.

4-البغدادي، عبد القادر بن عمر (ت: 1093هـ/1682م) (1998)، ***خزانة الادب ولباب لسان العرب***، تحقيق: محمد نبيل طريفي، بيروت دار الكتب العلمية.

5-ابن تغرى بردي، عبد الله الظاهري الحنفي (ت: 874هـ/1469م)، (د.ت)، ***النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة***، وزارة الثقافة والارشاد القومي، دار الكتب.

6-الثعالبي، عبد الملك بن محمد بن إسماعيل أبو منصور (ت: 429هـ /1037 م ) (1983)، ***يتيمة الدهر في محاسن اهل العصر*** تحقيق: مفيد محمد، لبنان، بيروت، دار الكتب العلمية.

7-ابن الجزري، شمس الدين ابو الخير،(ت: 833هـ/1429م) (1351)، ***غاية النهاية في طبقات القراء***، ط1، مكتبة ابن تيمية.

8-ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي ( ت: 597هـ/1200م) (1992)، ***المنتظم في تاريخ الامم والملوك***، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت ، دار الكتب العلمية.

9-الحاكم النيسابوري، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد (ت: 405هـ/1014م)، (1427)، ***تاريخ النيسابور***، تحقيق: ابي معاوية مازن بن عدالرحمن، ط1،لبنان، بيروت، دار البشائر الاسلامية.

10- حاجي خليفة، مصطفى بن عبد الله كاتب جلبي القسطنطيني (ت: 1067هـ/1656م)، (1360)، ***كشف الظنون***، اسمبول، مطبعة المعارف.

11- ابن حبان، محمد بن حبان بن احمد، (ت: 354ه/966م)، (1973)، ***الثقات***، ط1، هند، حيدر اباد، وزارة المعارف للحكومة الهندية.

12- ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم (ت : 681هـ/1282م)، (1994)، ***وفيات الاعيان وابناء ابناء الزمان***، تحقيق:احسان عباس، بيروت، دار صادر.

13- الذهبي، شمس الدين أبوعبد الله محمد بن أحمد بن عثمان (ت: 748هـ/1347م) (1997)، ***معرفة القراء الكبار على الطبقات والاعصار***، بيروت، دار الكتب العلمية.

-(1993)، ***تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام***، تحقيق: عمر عبدالسلام التمري، بيروت، دار الكتب العربية.

- (د.ت)، ***العبر في خبر من غبر***، تحقيق: ابو هاجر محمد سعيد، بيروت، دار الكتب العلمية.

- (2006)، ***سير اعلام النبلاء***، القاهرة، دار الحديث.

14- الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس(ت: 1396هـ/1976م)، (2002)، ***الاعلام***، ط5، دار العلم للملايين.

15- السبكي، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين (ت:771ه/1369م)، (د.ت)، ***طبقات الشافعية الكبرى***، تحقيق: محمود محمد، بيروت، دار احياء.

16- الشافعي، ابو الحسن علي بن احمد بن علي، (ت: 468ه/1075م)، (1430)، ***التفسير البسيط***، عمادة البحث العلمي، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية.

17-الصريفيني، تقي الدين ابواسحاق ابراهيم بن محمد، (ت:641ه/1243م)، (1414)، ***المنتخب من كتاب السياق لتاريخ نيسابور***، تحقيق: خاليد حيدر، دار الفكر للطباعة.

18- ابن صلاح، عثمان بن عبدالرحمن ابو عمر، (ت:643ه/1245م)، (1992)، ***طبقات الفقهاء الشافعية***، تحقيق: محي الدين علي نجيب، بيروت، دار البشائر.

19-ابو الفلاح، عبد الحي بن احمد بن محمد،(ت:1089ه/1678م)، (1986)، ***شذرات الذهب في اخبار من الذهب***، تحقيق: محمود الارناؤوط، دمشق، دار ابن كثير.

20-القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت:682ه/1283م)، (د.ت)، **اثار البلاد واخبار العباد**، بيروت، دار صادر.

21- القرشي، عبدالقادر محمد بن نصر (ت:775ه/1373م)، (د.ت) (1993)، ***جواهر المضية في طبقات الحنفية***، تحقيق: عبدالفتاح محمد، رياض، دار هجر.

22- ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر (ت:774ه/1372م)، (1988)، ***البداية والنهاية***، تحقيق: علي شيري،ط1، دار احياء التراث العربي.

-(1993)، ***طبقات الشافعين***، تحقيق: دكتور احمد هاشم و محمد زينهم، مكتبة الثقافية الدينية.

23-الكتبي، محمد بن شاكر بن أحمد بن عبد الرحمن (764ه/1362م)، (د.ت)، ***فوات الوفيات والذليل عليها***، ج2، تحقيق: دكتور احسان عباس، بيروت، دار صادر.

24-المسعودي، أبو الحسن على بن الحسين بن على (ت:346ه/975م)، (د.ت)، ***التنبية والاشراف***، تحقيق: عبدالله اسماعيل الصاوي، القاهرة، دار الصاوي.

25- المقديسي، أبو عبد الله محمد بن أحمد(ت: 381ه/991م)، (1991)، ***احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم***، بيروت، ليدن، دار صادر.

26-نظام الملك، الحسن بن علي بن إسحاق الطوسي (485ه/1092م)، (1407)، ***سياست نامة اوسير الملوك***، تحقيق: يوسف الحسين، قطر، دار الثقافة.

27-النويري، شهاب الدين احمد، (ت:733ه/1332م)، (2004)، ***نهاية الارب في فنون الادب***، تحقيق: مفيد قمحية و جماعة، ط1، لبنان، بيروت، دار الكتب العلمية.

28-النرشخي، ابي بكر محمد بن جعفر (ت: 348ھ/959م) (د.ت)، ***تاريخ بخارى***، تحقيق: امين عبدالمجيد يدوي، القاهرة، دار المعارف.
29-النسفي، نجم الدين عمر بن محمد بن أحمد (ت:537ھ/1142م) (1991)، ***القند في ذكر علماء السمرقند***، تحقيق: نظر محمد فارابي، ط1، السعودية، مكتبة الكوثر.
30-ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله (ت:626ھ/1228م)، (1995)، ***معجم البلدان***، بيروت، دار صادر.
- (1993)، ***معجم الادباء***، تحقيق: احسان عباس، بيروت، دار الغرب الاسلامي.
ليستى ژێدرەكان:
1-الثامري، احسان ذنون، (2001)، ***الحياة العلمية زمن السامانين***، بيروت، دار الطليعة.
2-سعيد، محمد، (2006)،***الحركه العلمية في عصر الدولة الغزنوية***، رسالة الدكتوراه، جامعة يرموك، كلية الاداب، قسم التاريخ.
3-محمود، احمد عبدالعزيز، (2019)،***الدولة السامانية تاريخها و حضارتها***، عمان، دار غيداء.

## Helping the Samanis and Gaznas of the Scientists

**Muzafar Esmahil Ali**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
muzafareesmahil@gmail.com

**Assit. Prof. Dr. Omid Ibrahim**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dr.umaid@yahoo.com

***Keywords:*** *Scientists, Samanids, Ghaznawid, Princes, sultan.*

## Abstract
Interest of scientists in both emirates samanids and Ghaznawid clearly appeared after they were able to establish a, peaceful and secure country, helping scientists by the princes of Samanids and Ghaznawid sultans was a main factor of emerging great scientists among them the Biruni and al- Khwarizmi and others prominent figures. these scientists played a huge role in stages of history and became source of scientific and historical research for their future generation.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مساعدت الامراء السامانيين والغزنويين للعلماء

**ملخص:**
الاهتمام بالعلماء في كلا الامارتين (الساماني, والغزنوي) ظهرة بوضوح بعد ان تمكنوا من تأسيس  دولة قوية ومسالمة وهادئة في البلاد. ساعد امراء السامانيين وسلاطين الغزنويين علماء البلاد , فكانت مساعدتهم سببا مهما لظهور عدد كبير من العلماء والادباء والشعراء والكتاب منهم البيروني واالخوارزمي وغيرهم . الذين تمكنوا من ترك العديد من الاثار على المسرح التأريخي واصبحوا سببا لعشرات الدراسات العلمية والتأريخية بعد مئات السنيين.